

**بۆدایکم**

لەناو تەواوی ژنییەتیمدا
مناڵ منال دەبمەوە
بۆ گەیشتن بەئامێزی پڕ پڕ
لەدایکایەتیت،
کەبۆمن دایکە.
بۆ ناو ئەو دەستانەی
کەبە ڕۆژ
جلی کچۆڵەیکی منالیت پێ دەشوتن و
بە شەویش بۆی بەتەقەڵەکانی جلی
بوکێنیدا دەهاتیەوە
منال منال دەبمەوە،
بۆ بومەلەرزەکانی ناو دڵی لەزۆکت
لەترسی
لاواندنەوەی کچە پێنەگەیشتوەکەت،
لەدنیای میهرەبانی جەلادەکان.
بۆ بۆنکردنی گەڵای ئەو گوڵانەی منیان
مراند و
بە گەردەنی ژیانی تۆدا گەڵا
گەڵاهەڵواسران
منال منال دەبمەوە دایکە
بۆ ناو ئامیزی دایکایەتیت،
کەبۆم دایکە،
خەتا لەتو نییە نا کەزەوی
خوڵ دەخوات
نا داد پەروەرانە ئاو دەخوات و
هەورەکان لەوێ باران نابارێنن
کەتێیدا وشکە ساڵیە.
ناخەتا لەتۆ نییە دایکە من دەزانم خەتا
لەتۆ نییە،
کە منیش کچم و
بە کچی هاتم،
بەس بەجێت هێشتم.

ئەفسانە سروش